www.kurdistannet.org
30-1-2007 23:27 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# ووردەكاریەكانی كشانەوەی هەردوو كوتلەی هاوپەیمانی كوردستانی و یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لە دانیشتنی 27-1-2007 پەرلەمانی عێراق



هەردوو لیژنەی دارایی، ئابووری و وەبەرهێنان لە دانیشتنی ڕۆژی شەممە بەرواری 2007/1/27 ی ئەنجومەنی نوێنەران ڕاپۆرتێكی هاوبەشیان خستەڕوو دەربارەی بودجەی گشتی ولآت. هەروەك بڕیاروابوو دەنگ لەسەر بودجەی گشتی فیدڕاڵی بدرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردوو كوتلەی هاوپەیمانی كوردستان و یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان ناڕازی بوون لەسەر چەند خاڵێك دەنگدانەكە دواخراكە بۆ ڕۆژی شەممەی داهاتوو.

ناڕازیبوونی لیستی كوردی لەسەر حیسابكردنی خەرجیەكانی وەزارەتی بەرگری بوو لەسەر خەرجیە سیادیەكان، چونكە وەزارەتی بەرگری وەك خۆی بەشی تایبەتی هەیە لە بودجەكەو حسباكردنی لەسەر خەرجیە سیادیەكان دەبێتە هۆی كەمبوونەی بودجەی هەرێمی كوردستان. هەروەك لیستی هاوپەیمانی كوردستانی ئەوەی خستەڕوو كە بەمەرجێك بەم خاڵە ڕازیە كە پاسەوانانی هەرێم لەسەر بودجەی گشتی عێراق پارەیان بۆ دابین بەكرێت نەك لەسەر بودجەی هەرێمی كوردستان.

هەروەها هاوپەیمانی كوردستانی ناڕازی بوو لەسەر كەمكردنەوەی بودجەی منافعی كۆمەڵایەتی هەریەك لەسەرۆكایەتی كۆماری و ئەنجومەنی وەزیران. ئەمەش پاش ئەوەی لیستی ئیئتیلاف داوای ئەوەیان كردبوو كە بودجەی منافعی كۆمەڵایەتی سەرۆكایەتی كۆماری لە 70 ملیار دینارەوە كەم بكرێتەوە بۆ 20 ملیار واتە 50 ملیار دیناری لێ كەم بكرێتەوە.

پاش ئەوەش كە داواكاریەكانی هاوپەیمانی كوردستانی خرایەڕوو ئەندامانی لیستی ئیئتیلاف دەنگیان لەسەری نەدا هەربۆیە دەنگەكان یەكسان بوون. كاتێكیش مەحمود مەشهەدانی سەرۆكی پەرلەمان ویستی بەردەوام بێت لەسەر دانیشتنەكە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی كوردستانی و یەكگرتوو هۆڵی دانیشتنەكەیان جێهێشت و بەدوایاندا ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی تەوافوقیش هۆڵەكەیان جێهێشت بۆیە بەناچاری سەرۆكی پەرلەمان دانیشتنەكەی ڕاگرت.

پەرلەمانتارانی بەرەی تەوافوقیش سەبارەت بەوەی بۆچی لەگەڵ لیستی هاوپیەمانیدا هۆڵەكەیان جێهێشت ئەوەیان خستەڕوو كە ئەوان ویستوویانە دەرفەتێكی زیاتر برەخسێت تاوەكو لیستە پەرلەمانیاكان بواریان هەبێت پێك بێن لەو خاڵانەی كە جیاوازیان لەسەرە.

باقر جەبر سۆلاغیش وەزیر دارایی عێراقیش لە لیدوانێكدا بۆ ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوە كرد كە لە هەموو وڵاتێك منافعی كۆمەڵایەتی خەرج دەكرێت بۆ دەستە سەرۆكایەتیەكان و ئاماژەی بەوەش كرد كە ئەوجیاوازیەی كە هەیە جیاوازیەكی سیاسی نەك دارایی.

بەرێز دكتۆر موحەمەد ئەحمەد سەرۆكی كوتلەی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لە پەرلەمانی عێراق دەربارەی كشانەوەكەیان لە دانیشتنەكە بە سایتی یەكگرتووی ڕاگەیاند كە ئەم دانیشتنە تایبەت بوو بە دەنگ دان لەسەر میزانیەی ساڵی 2007ی عێراق بەڵام لەبەر ئەوەی لیستی ئیئتیلافی شیعە مكور بوون لەسەر ئەوەی كە میزانیەی تەرخان كراو بۆ لیژنەی سەركردایەتی كەم بكرێتەوەو ڕێژەی ئەنجومەنی وەزیرانیش وەكو خۆی بێت و دەستكاری نەكرێت بۆیە هەردوو كوتلەی هاوپەیمانی كوردستان و كوتلەی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان داوایان كرد كە نابێ میزانیەی لیژنەی سەركرادیەتیش دەستكاری بكرێت یان ئەگەر دەستكاریش كرا ئەوا دەبێت ڕێژەی داشكانەكان بۆ هەردوو لیژنەی سەركردایەتی و ئەنجومەنی وەزیران وەك یەك بێت و ئەو پارەیەی دادەشكنرێت

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبێ بۆ کارە خزمەتگوزاریەکان سەرف بکرێت. دواى ئەوەى نەگیشتنە ئەنجام هەردوو کوتەلە لە دانیشتنەکە هاتنە دەرەوەو پاشان سەرۆکی کوتلەکان کۆبوونەوەیەکیان سازداو تێکرا بریاریان دا کە دەبێ کەمکردنەوەکان بە رێژەیەکی یەکسان بن. دواتر ئێمە هەردوو کوتلەى یەکگرتووى ئیسلامى و هاوپەیمانى کوردستان جەختمان لەسەر میزانیەى پێشمەرگە وەکو پارێزەرانى هەرێم کردەوە کە دەبێ بۆیان دیارى بکرێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.